
# بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی




مصطفی نەریمان، *" بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی (1787 – 1986)"* ، کۆماری عیراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا 1998، 408 لاپەڕە، کوردی

لە زنجیرەی پێشوودا باسی کتێبێکی سەرچاوەم کرد کە توێژێنەری زەحمەتکێش کاک مستەفا نەریمان ئامادەی کردبوو(وتاری ژمارە 268). لێرەدا لە کتێبێکی دیکەی کاک مستەفا دەدوێم کە تێیدا زانیاری سەبارەت بە کتێبی شاز و نایابی وا دراوە نەک نەوەی تازە، بەڵکوو ئێمەمانانیش نەمانبیستوون و واهەیە دەگمەن نوسخەیان لێ مابێتەوە. بەم بۆنەیەوە کاری نووسەر جێگەی ڕێزی زۆرە.

کتێبەکە بە پێشەکییەک دەست پێدەکات کە تێیدا پێشینەی ئەو چەشنە بیبلیۆگرافییانە لە کتێبخانەی کوردیدا باس کراوە و ئەوە ئەمانەتدارییەکی زۆری نووسەر دەگەیێنێت. هەروەها لە لاپەڕە 241 و 242 دا لیستەیەکی لە کتێبی بیبلیۆگرافی کوردی ناساندووە، کە کەم و زۆر هەر ئەو ناوانەی سەرەتاکە دەگرنەوە.

لە لاپەڕە 317 بەدواوەش پێرستی ناوی نووسەران و وەرگێرانی کتێبەکانە و ئەوە بە تایبەت یارمەتیدەری دۆزینەوەی کتێبەکانە بەگوێرەی ناوی دانەر و وەرگێڕ.

بەژنی سەرەکی کتێبەکەش بەگوێرەی بابەتی مەوزووعی بەسەر کتێبی فەلسەفی، ئایینی، ئەدەبی، مێژوویی و....دا دابەش کراوە و هەرکام لە کتێبەکان بە پێی ژمارە لەوانیتر جیاکراونەتەوە و چەند زانیارییەکی وەک ناوی نووسەر و وەرگێر، ساڵ و شوێنی چاپ و ژمارەی لاپەڕەکانی ڕاگەیێنراوە.

من وا هەیە نەتوانم یەک بە یەک و لاپەڕە بە لاپەڕە هەموو ئەو بابەتانەی وا بۆکان دەگرنەوە دەست نیشان بکەم بەڵام چەند دانەیەکیان بۆ نموونەی کارەکە دەهێنمەوە و نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی بۆکان دەتوانن ووردتر لەمن پێیدا بچنەوە. وەک دەبینرێت، بۆ نموونە، سەبارەت بە حەسەن زیرەک ناوی چەند سەرچاوە براوە کە واهەیە هەمووکەس لێیان ئاگادار نەبێت:

**1.** ژمارە 119، دایە باوە کێ خراوە؟، وەرگێرنی <u>هەژار</u>، 1980، تاران، 132 لاپەڕە (ل. 33)

هەروەها 'کۆشکی بلوورین'، 1980، بەغدا چاپی حوادث، 83 لاپەڕە (ل. 126)

**2.** . ژمارە 601، ئاشتیخوازی لادێ، زەبیحی و <u>قزڵجی</u>، 1959، بەغدا، 38 لاپەڕە (ل. 89)

ژمارە 281، حەسەن قزڵجی(1913-1984)، (ل.334)

ژمارە 1213، حەسەن قزڵجی، پێکەنینی گەدا، 1972، بنکەی پێشەوا، 149 لاپەڕە (ل. 145)

**3.** ژمارە 809، <u>دیوانی ئەحمەدی کۆر</u>،

1963، پاکستان، 48 لاپەڕە، لە بڵاوکراوەکانی سەیدیان (ل. 106)

**4.** ژمارە 813، <u>دیوانی ئەدەب (عەبدوڵڵابەگی موکریانی)،</u>

1936، ڕەواندز، زاری کرمانجی، 52 لاپەڕە؛

چاپی 2، 1966، هەولێر، چاپی کوردستان، 120 لاپەڕە، لە سەر ئەرکی گیوی موکریانی (ل. 107)

هەروەها ژمارە 493 و 865

**5.** ژمارە 816، دیوانی ئەفخەمی، 1971، مەهاباد، 192 لاپەڕە، لەبڵاوکراوەکانی سەیدیان(ل. 107)

6. ژمارە 837، <u>دیوانی سۆران</u> (حەسەن سەلاح)، 1966، تەورێز. چاپی قامیش، 150 لاپەڕە (ل. 110)

7. ژمارە864، <u>دیوانی مەلا مارف کۆکەیی</u>، 1961، پاکستان، 208 لاپەڕە لە سەر ئەرکی محەممەدئەمین میسری (سەیدیان)، (ل. 113)

**8.** ژمارە 865، <u>دیوانی مصباح الدیوان</u>، 1939، بەغدا، 130 لاپەڕە، لە سەر ئەرکی بەشیر موشیر (ل.113)

**9.** <u>حەسەن زیرەک</u> (1926 – 1972)

ژمارە 1791، بەسەرهات و ژیانی حەسەن زیرەک، هیوا عومەر ئەحمەد، 1976، ڕاپەڕین، 48 لاپەڕە، (ل. 206)

ژمارە 1794، تروسکاییەک لە ژیانی حەسەن زیرەک، ئەنوەر محەممەد، 1977، سلێمانی، چاپی کامەرانی، 48 لاپەڕە (ل. 206)

ژمارە 2076، چریکەی هونەر، حەسەن زیرەک، 1966، تاران، ڕەنگین، 50 لاپەڕە (ل. 233)

ژمارە 2079، حەسەن زیرەک، شێرزاد عبدالرحمن، 1979، لەسەر ئەرکی کتێبخانەی خۆماڵی لە هەولێر، سلاێمان، چاپی ڕاپەڕین، 50 لاپەڕە (ل. 233)

ژمارە 2080، حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی، میرزا کەریم خۆشناو، 1984، بە یارمەتی ئەمینداریەتی گشتی، بەغدا، حوسام، 126 لاپەڕە (ل. 234)

ژمارە 2081، حەسەن زیرەکی بڵیمەت، شێرزاد عبدالرحمن، 1978، بەغدا، حوادث، 32 لاپەڕە (ل. 234)